# فەلسەفەی سیاسیی خۆسەروەری

ژیلا موکری



**ئاماژە**

کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمی مرۆڤ واتادار دەکات و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونەوە و بەرهەڤدانی بۆ ساز دەکات. هەروەها ئەو پێداچوونەوە بە باوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانسێلی ئەقڵانی بوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات. کەواتە لێرەدا تاکەکان بەرز دەنرخێندرێن ، بەڵام ئەوە نەتەوەکانن کە بژاردەکان دروست دەکەن و خاوەنی بەهاکانن.

## پێشەکی

ئامانجی فەلسەفەی سیاسی دابین کردنی بەختەوەرییە بۆ مرۆڤ و جیاوازە لەگەڵ تیۆریی سیاسی و هەروەها ئایدۆلۆژیی سیاسی. فەلسەفەی سیاسی لەگەڵ «بەهاکان» سەروکاری هەیە و باس لە «دەبێ» دەکات، واتە باس لەو حاڵەتە ئارمانییە دەکات کە وا باشە هەبێت یان دەبێ هەبێت بۆ ئەوەی بە ژیانیکی بەرزتر و باشتر بگەین. بەڵام تیۆریی سیاسی لەگەڵ «ڕاستەقینەکان» سەروکاری هەیە و باس لە «هەیە» دەکات. واتە بە شێوەیەکی بێ لایەن تەنیا دەربارەی ڕاستەقینە سیاسییەکان دەدوێت و دەیەوێ تەکوزی و مانایان پێ ببەخشێ بەڵام بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە دۆخی هەبوو هەوڵ نادات. لە وتاری بەردەستدا لە ڕەهەندی فەلسەفەی سیاسییەوە باس لە پێویستیی هەبوونی خۆسەروەری دەکرێت بۆ نەتەوەکان و ئەوە روون دەکرێتەوە کە بۆچی گرنگە نەتەوەکان لە باری سیاسییەوە خاوەنی خۆسەروەری بن؟ بە واتایەکی دیکە، خۆسەروەری چ شتێک لە ژیانی نەتەوەکان دەگۆڕێ؟ و نەبوونی خۆسەروەری لە کوێدا زیان بە نەتەوەکان دەگەیەنێت؟ هەروەها چونکە ئەم وتارە ڕەهەندێکی فەلسەفەی سیاسی ڕەچاو کردووە، هەوڵ دەدات هەبوون یان نەبوونی خۆسەروەری گرێ بداتەوە بە بەختەوەریی کۆمەڵانی خەڵک لە چوارچێوەی نەتەوەدا. شایانی ئاماژەیە کە نەتەوە یەکەیەکی مرۆییە و بە پێی ئەو پێناسەگەلەی بۆی کراوە، خاوەنی زمانی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، ڕابردووی هاوبەش، جوگرافیای هاوبەش، و ئامانجی هاوبەشە.

## بۆچی نەتەوە گرنگە؟

ئەندامێتیی نەتەوەیی یەک لە گرنگترین ئەندامێتییەکانە بۆناسنامەی کۆیی و تاکەکەسیی مرۆڤ. مرۆڤەکان لە خۆیاندا پێویستیان بە کەسانێک هەیە کە لە ئەوان بچن و وەک ئەوان بژین و شێوە ژیانێکی هاوبەش ڕەچاو بکەن و کەند و لەند و یان خۆشییەکانی ژیان پێکەوە دەرباز بکەن. تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ گەشەی منداڵ، لە تەمەنێک بەدواوە منداڵ لەگەڵ خەڵکانی تر تێکەڵ دەبێت و خۆی لەگەڵ ئەواندا پێناسە دەکات و بۆ پێداویستی یان پرسیار یان داخوازییەکانی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەوان. هەروەها لە تەمەنێک بە دواوە منداڵ تەنانەت لە کاتی گەمە کردنیشدا حەز دەکات گەمەی چەند کەسی بکات و شکست یان سەرکەوتن لەگەڵ کۆمەڵدا تاقی بکاتەوە. ئەو کۆمەڵە کەسە کە لە تەمەنی منداڵیدا پێداویستییەکانی منداڵ بۆ هەبوونی هاودەم و هاویاری دەستەبەر دەکات، لە تەمەنی گەورەتر دا دەگۆڕێت. دەبێ ئەو کۆمەڵە کەسە زیاتر و بەربڵاوتر ببن، چونکە پێداویستییەکانی مرۆڤیش زیاتر و بەربڵاوتر دەبن. دەکرێ بگوترێ ئەو کۆمەڵە مرۆییە، نەتەوەیە. واتە نەتەوە وەک یەکەیەکی مرۆیی، ئەرکی پشتیوانی کردنی مرۆڤ لە ئەستۆ دەگرێت. نەتەوە دەبێتە ئەو گرووپە بەربڵاوە کە مرۆڤ ئیدی دەتوانێت تێیدا خۆی بناسێ، خۆی پێناسە بکات، پێداویستییەکانی دەستەبەر بکات و سەرکەوتن و شکست لە ئاستی بەرزتردا تاقی بکاتەوە.

ئەندامێتیی نەتەوەیی وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و سەرەکیی ناسنامەی تاکەکان دەردەکەوێ و بە چەند هۆکار دەتوانێ ناسنامەیەکی فرەڕەهەندی بەربڵاوی دوورمەودایان پێ بدات. سەرەتا مرۆڤ لە نێو نەتەوەدا دێتە دونیا و کاتێکیش دێتە دونیا، بە شێوازی خۆکرد ئیدی ئەندامی نەتەوەکەی خۆیەتی و هیچ کەس ناتوانێ ئەندامێتی نەتەوەیی لە هیچ کەس بستێنێتەوە. مرۆڤ تەنانەت ئەگەر لە وڵاتی خۆیشی دەربکرێت

و یـــان خۆی ڕێگای ئاوارەیـــی هەڵبژێرێت و لە شوێنێکی تر نیشـــتەجێ ببێت، ئەوا هەر وەک ئەندامـــی نەتەوەی خۆی دەمێنێتەوە و هەر بەو ناونیشانەش خۆی دەناسێنێ. لێرەدا نامـــەوێ بڵێـــم نەتەوە دیاردەیەکـــی زاتی و سروشتییە، بەڵام دەتوانم ئەو ئیدیعایە بکەم کە ناســـنامەی نەتەوەیـــی ئاوێتەی هەبوونی مرۆڤە و هیچ هێزێک ناتوانێ لێی دابڕێت.

لـــە لایەکی تـــرەوە، ئـــەو ئایدۆلۆژیانەی بانگـــەوازی بەختـــەوەری و ژیانـــی باش بۆ مرۆڤـــەکان دەکـــەن، هـــەر کامیـــان تەنیا بەشێک لە ناســـنامەی مرۆڤ لە خۆ دەگرن و یان بەشـــێک لە ناسنامەی مرۆڤ بە هەند وەردەگـــرن. بۆ نمونە، لیبراڵیزم تەنیا جەخت لەسەر تاکایەتیی مرۆڤ دەکاتەوە و پێی وایە کە تاک بە تەنیا و بـــێ هەبوونی کۆمەڵیش دەتوانێ بەختەوەر بێت و خۆیشی دەبێ بەس بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی ڕەچاو بکات. فیمێنیزم تەنیا جەخت لەسەر لایەنی جێندەر دەکاتەوە (کە ئەمـــڕۆ تەنانەت مرۆڤەکان بە ئاســـانی دەتوانن ڕەگەزی خۆیـــان بگۆڕن). مارکسیزم تەنیا بەشی ئەندامێتیی چینایەتی لەبەر چاو دەگرێت و دەخوازێ کە چینایەتی باڵ بکێشی بەســـەر هەموو ئەندامێتییەکانی دیکەدا، (لە کاتێکدا مرۆڤەکان دەتوانن چینی خۆیان بگوازنەوە بۆ چینی باڵاتر)، بەڵام نەتەوە هاوکات دەتوانێ هەمـــوو ئەو ئەندامێتیانە لە خـــۆ بگرێت و هەروەها ئەندامێتیی نەتەوەیی وەک باس کـــرا، نە کەس دەتوانێ لە مرۆڤی بستێنێتەوە و نە وەک ئەندامێتیی جێندەری و چینایەتی دەکرێ خۆت کۆتایی پێ بهێنی.

بێجگـــە لەوانەش ئەندامێتـــی نەتەوەیی ئیمکانی ژیانی بـــاش واتە ژیانێکی ئەخلاقی بـــۆ مرۆڤ پێـــک دەهێنی و لـــەو ڕێگەیەوە یارمەتیی گەشـــەی کەســـێتی و ئەخلاقیی تاکەکان دەدات. ئەم کارەیش لە ڕێگەی ئەو کەلتوورەوە دەســـتەبەر دەبێت کە تایبەتە بە ئەو نەتـــەوە و بە پێی دۆخی جیاوازی زمانی و مێژوویـــی و جوگرافـــی و ئەنترۆپۆلۆژی و ســـایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیـــی جیـــاواز، هەر نەتەوەیەکیـــش خاوەنی کەلتوورێکی جیاوازە و تەنانەت ئەگەر هەموو فاکتەرەکانیش لە بەر چاو نەگرین، خودی زمان دەتوانێ ســـنووری کەلتـــوورە نەتەوەییەکان دیاری بکات. جا بۆ ئـــەوەی بتوانین باس لـــەوە بکەین کە ئاخۆ کەلتووری نەتەوەیی چلۆن یارمەتیی گەشەی کەسێتی دەدات، دەکرێ دوو دانە کارکردی کەلتووری نەتەوەیی بخەینە بەر چاو. یەکەم: کەلتـــووری نەتەوەیی پانتاییـــەک فەراهەم دەکات بـــۆ ئەوەی مرۆڤەکان لـــەو پانتاییەدا ئیمکانـــی هەڵبژاردنیان ببێـــت وئەگەریش ئازادی بە واتای ڕێژەی بژاردەکانی بەر دەمی مرۆڤ بزانین، کەواتە کەلتـــووری نەتەوەیی پارێزراوتـــر و بەربڵاوتر، واتە ئیمکانی زێدەتر و بەدوایدا تاکی ئازادتر.

دووهەم: کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمـــی مرۆڤ واتادار دەکات و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونـــەوە و بەرهەڤدانی بۆ ســـاز دەکات. هەروەها ئـــەو پێداچوونەوە بە بـــاوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانســـێلی ئەقڵانی بوونی مرۆڤ ئاشـــکرا دەکات. کەواتە لێرەدا تاکەکان بەرز دەنرخێندرێن؛ چونکـــە خاوەنی ئیختیارن و خاوەنـــی بەرژەوەندی، بەڵام ئەوە نەتەوەکانن کە بژاردەکان دروســـت دەکـــەن و خاوەنی بەهاکانن. کەواتە دەکـــرێ نەتەوەکان وەک یەکەی سەرەکیی بەهاکان بێنە ئەژمار.

لە پێناســـەی نەتەوەدا گوترا کە یەکێک لـــە فاکتەرەکانی نەتـــەوە، هەبوونی ئامانجی هاوبەشـــە و ئەو ئامانجە هاوبەشە لە سەرەی یەکەم دا مەیلە بە خۆسەروەری و ژێردەست نەبـــوون. واتە نەتـــەوە وەک گشـــتییەتێک هەوڵی دەستخستنی خۆســـەروەری دەدات وئەو ئامانجە هاوبەشـــەش، ڕێگا بۆ تاکەکان خۆش دەکات تا لە هەوڵی بە دەست هێنانی خۆســـەروەری و چـــێ کردنـــی پانتاییەکی

گشتیدا بن تا لەوێدا وەک مرۆڤ بتوانن بیر و هزر و توانایی خۆیان تاقی بکەنەوە وبە ئاستێک لە خۆناسین بگەن. کەواتە لێرەدامەیلی خۆسەرەوەری تاکەکەسی گرێ دەدرێتەوە بە مەیلی خۆسەرەوەریی کۆیی یان نەتەوەیی. چونکە تاک وەک پێکهێنەرێکی نەتەوە، پێویستی بە بەستێنێک هەیە بۆ دەربڕینی خۆسەرەوەری و ئازادیی تاکەکەسی خۆی لە ڕێگای بەدەست هێنانی خۆسەرەوەری و ئازادی کۆییەوە. کەواتە لە یەک ڕستەدا دەکرێ بڵێین نەتەوە گۆڕەپانێکی باشە بۆ تاقی کردنەوەی مەیل و توانا و تایبەتمەندیی خۆسەرەوەری لای تاکەکان.

لە لایەکی ترەوە ئەندامێتیی نەتەوەیی، ڕێگری دەکات لە نامۆیی، گۆشەگیری، و گومناوی. واتە ناسیۆنالیزم بە پتەوکردنی ئایدیای یەکگرتوویی، ئەو گەرەنتییە بە تاکەکان دەبەخشێت کە ئەوان تەنیا نین، کەسانێک هەن ئاگایان لێیانە و بە هەمان شێوەش ئەوان دەبێ ئاگایان لە کەسانێک بێت. جا ئەم بابەتە بە ڕوونی لە ژیانی نەتەوەکاندا دەبینرێت. بۆ نموونە، کاتێک کەسێک حەزی لە وەرزشی تۆپی پێ هەیە و دەبێت بە یاریزانی تۆپی پێی نەتەوە(وڵات)ی خۆی، بە هەزاران کەس هەن کە لە کاتی یاری کردندا هانی دەدەن و پشتگیریی لێ دەکەن، هەروەها هاندەرانی ئەو یاریزانەش کە ئەندامەکانی نەتەوەکەنی، پێویستییان بە کەسانێک هەیە لە گۆڕەپانی نێونەتەوەیی وەرزشدا وەک نوێنەری ئەوان دەربکەون و سەرکەوتن بۆ هەمووان بە دەست بهێنن. بەو پێیە دەکرێ ئەو ئیدیعایە بکەین کە سەرکەوتن و شکست ئەو دوو ئەزموونەن کە هەموو ئەندامانی نەتەوە پێکەوە ئەزموونیان دەکەن. سەرکەوتنی هاونەتەوەکەم من شاد و سەربەرز دەکات وەک چۆن شکست و ئابڕوچوونی ئەو بۆ منیش ڕێک ئەو مانایەی هەیە. کەواتە نەتەوە هیوای نوێ بوونەوەی تاکەکەسی بە تاکەکانی خۆی دەبەخشێت لە ڕێگای نوێ بوونەوەی نەتەوەییەوە. بەو شێوازە کە کاتێک نەتەوە دادەڕمێ، تاکەکانیش بە دوایدا دادەڕمێن و کاتێک نەتەوە دەگەشێتەوە، تاکەکانیش هەروەها. جا ئالێرەدا دەکرێ نەتەوە بشوبهێندرێ بە بنەماڵە. لە ئاستی بنەماڵەشدا سەرکەوتن و یان شکستی خوشک و براکانمان دەتوانێ ئێمە سەربەرز یان سەرشۆڕ بکات. وێکچوونێکی دیکەی بنەماڵە و نەتەوەش ئەوەیە کە ئەندامێتیی نەتەوەیی هەستی هاوبەشێتی دەبەخشێت بەڵام جیاوازییە جێندەری و چینایەتییەکان ناسڕێتەوە. تەنیا وەک چەترێکی گەورە وایە بە هەر ستاتۆ و ڕەگەز و چینێکەوە دەکرێ خۆتی تێدا ببینیەوە.

> **کەلتووری نەتەوەیی، بژاردەکانی بەردەمی مرۆڤ واتادار دەکات و لە هەمان کاتدا زەمینەی پێداچوونەوە و بەرهەڤدانی بۆ ساز دەکات. هەروەها ئەو پێداچوونەوە بە باوەڕ و بژاردەکانی مرۆڤ خاوەنی بەهای ئەخلاقییە و پتانسێلی ئەقلانی بوونی مرۆڤ ئاشکرا دەکات**

تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکەی ئەندامێتیی نەتەوەیی لە گرنگیی خودی ناسیۆنالیزمەوە دێت. سەرەتا ئەوە کە ناسیۆنالیزم وەک ئیزمەکانی دیکە تەنیا یەک ئایدۆلۆژیی سیاسی نییە، چونکە دەتوانێ چەندین فۆرمی جیاوازی هەبێت. لەوانە: ئایینی، کۆنسەرڤاتیف، لیبراڵ، فاشیستی، کۆمۆنیستی، کەلتووری، سیاسی، یەکخەرانە، جوداییخوازانە، دیاسپۆرا، پان و هتد. دواى ئەوەش ناسیۆنالیزم تەنیا جەخت لەسەر یەک خاڵی ناسنامە ناکاتەوە. واتە وەک باس کرا ناسیۆنالیزم باس لە یەک لایەنی ناسنامەی مرۆڤ ناکات وەک ئەندامێتیی جێندەری یان چینایەتی یان ناوچەیی، بەڵکوو داوای ئەندامێتیی نەتەوەیی دەکات کە هاوکات

دەتوانێ هەموو ئەندامێتییەکانی سەرەوەش لە خۆی بگرێت. کەواتە ئەندامێتیی نەتەوەیی بە پێچەوانەی ئەندامێتیی جێندەری، چینایەتی، یـان ناوچەیـی، هاوکاریی تـاک دەکات بۆ دۆزینـەوەی جێگایەک بۆخـۆی نەک تەنیا لە جیهانێکـدا کە تێیـدا دەژی، بەڵکوو لە زنجیرەیەکی نەپساوەی بووندا.

## خۆسەروەری چی بۆ نەتەوە دەکات؟

وەک لـە سـەرەوە باس کرا، نەتـەوەکان لە چەندین ڕێگا و دەرفەتی جۆراوجۆرەوە پڕبەها و گرنگن و یارمەتیی پێگەیشـتنی تاکەکەس و کۆمەڵ دەدەن. بە واتایەکی تر، نەتەوەخـوازی نە بە تەنیا کۆمەڵ بە گرنگ دادەنێت و نە بە تەنیـا تاک، بەڵکوو پردێک لـە نێـوان تـاک و کۆمەڵدا دروست دەکات. خۆسەروەری وەک دەسـەڵاتی تاکەکانـی نەتەوە بەسـەر خۆیاندا، وەک بەدەسـتەوە گرتنـی جڵەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیی خۆت، وەک زاڵبوون بە سەر داهاتوو و چارەنووسی خۆتـدا، وەک پارێـزگاری لە کەلتـوور و بەهـا و خاک و ئاوی خۆت لە ئاسـت دەسـتدرێژیی ئەوانی تـردا دەتوانێ ببێتـە پارێـزەری هەموو ئەو تایبەتمەندییانە کە بۆ نەتەوە باس کران و لەو ڕێگایەوە یارمەتیی تاک بدات، کە بریتین لە:

> دارشتنی خۆسەروەری وەک چەمکێکی بنگەهی و لە ڕەهەندی فەلسەفەی سیاسییەوە لە کورتماوەدا دەتوانێ هەستی بڕوابەخۆبوون و مرۆڤی تەواو بوون بۆ مرۆڤی کورد بگێڕێتەوە و لە درێژماوەدا کەرامەت و بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد دابین بکات

**یەکەم:**
پاراسـتنی ئەو یەکە مرۆییـیـە کە دەرەتانی تەناهی و پێوەندارێتی و پرسـتیژ بە تاکەکان دەبەخشێت.

**دووهەم:**
پاراسـتنی ئەو ئیمکانە کە مرۆڤەکان لە نێو نەتەوەدا بتوانن ببن بە خاوەنی ناسنامەیەکی فرەڕەهەنـدی فرەچەشـن کـە هەمـوو وردەناسنامەکانی دیکەشیان لە خۆ بگرێت.

**سێهەم:**
گەشـەپێدان و هەروەها پاراستنی بەستێنی کەلتووری نەتەوەیی، کە یارمەتیی گەشـەی ئەخلاقی و ئەقڵانیـی مرۆڤەکان دەدات بەو شێوەیە کە هەم بژاردە دەخاتە بەر دەستیان و هـەم بژاردەکانیان بۆ واتـادار دەکات. ئەم تایبەتمەندییـەی نەتـەوە وەک بەسـتێنی ئازادی و مومارەسـەی ئازادیـی تاکەکانیش دێتە ئەژمار.

**چوارەم:**
پاراسـتنی زەمینـەی خۆسـەروەری بـۆ تاکـەکان و یارمەتیدانیـان کە لە ناو مەیل و خواستی خۆسـەروەری کۆیی دا کە وەکوو تاک ئەو پتانسـێلەیان ئاشـکرا بکەن وخۆیان دەربخەن یان باس لە خۆیان بکەن.

**پێنجەم:**
پاراسـتنی فەزایەک کە تاکەکان لـە تەنیایـی و گۆشـەگیری و بێکەسی دەرباز دەکات و ئەو ئیمکانە دەخاتە بەر دەمیان تا لەگەڵ کەسانی تر و لە ڕێگای ئەوانەوە گەشە بە توانا شەخسییەکانی خۆیان بدەن.

**شەشەم:**
پاراسـتنی نەتـەوە وەک سـەرچاوەیەکی نەگۆڕی ناسنامەی تاکەکەسی. ناسنامەیەک کـە بێ هیـچ نێوانگیرییەک لە سـەرەتای لەدایکبوونەوە بە مرۆڤ دەبەخشرێ.

## بۆچـی کـورد دەبـێ ببێتـە خاوەنی

## خۆسەرەوەری؟

باسی خۆسەرەوەری لە هزری سیاسیدا بە دوو جۆر دەکرێ بێتە بەر باس. لە لایەکەوە وەک باسێکی مافناسانە باس لەو بابەتە دەکرێت کە لە ژێر ناوی «مافی دیاری کردنی چارەنووس»دا دێتە ئاراوە. واتە نەتەوەکان مافی ئەوەیان هەیە کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. بێجگە لەوەش لەم ڕەهەندەوە کە لۆژیکێکی سەلبی و بەرەنگارانەی هەیە باس لەوە دەکرێت کە نەتەوەکان ئەگەر لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی توانەوە و لەناوچوون و ژینۆسایددا بوون، ئەوا دەتوانن باس لە مافی دیاری کردنی چارەنووسیان بکەن. بەڵام سەیر ئەوەیە کە تەنیا لایەنی بەرچاو و دیاری توانەوەیان مەبەستە کە ئەویش کوشتن و برینی بە ئاشکرایە. نە باس لە تالآن کرانی سەرچاوە ماددی و مەعنەوییەکان دەکات و نە باس لە داسەپاندنی کەلتووری و تواندنەوەی زمانی دەکات؛ واتە ئارگیومێنتێکی ناتەواوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە لە دەلاقەی فەلسەفەی سیاسییەوە دەکرێ باس لە خۆسەرەوەری بکرێت کە لێرەدا باسگەلی مافناسانە و شەرت و مەرج هەڵناگرێ، بەڵکوو وەک بابەتێکە بۆ گەیشتنی مرۆڤەکان بە ژیانی باش. لێرەدا کە مەبەستی وتاری بەردەستیشە، خۆسەرەوەری ماف نییە، بەڵکوو خۆسەرەوەری ئامرازێکە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زۆر ئیمکان و دەرەتان کە هاوکاریی تاک دەکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی باش و بەختەوەرانە بباتە سەر. واتە نەتەوە وەک خاڵی سەنتەر وایە لە ژیانی مرۆڤدا و کارکردی جۆراوجۆر و فرەی هەیە بۆ ڕێکخستن و پاراستنی ژیانی مرۆڤ.

ڕاستە کورد تەنانەت لە دوای زۆر ئەزمونی ژینۆساید و هەوڵی ئاشکرای لەناوبردنیشی دیسان بە دەنگێکی بەرز و زوڵال باسی لە پێویستیی خۆسەرەوەری نەکردۆتەوە و بە هێندێک دەسکەوت و دروشمی کەم و پچڕپچڕ ڕازی بووە، بەڵام ئەگەر نەتەوەی کورد بیهەوێت لە نەتەوەیەکی پاسیڤی چاولەدەم و چاولەدەستی کەسانی تر قوتار ببێت، ئەوا دەبێ پرسی خۆسەرەوەری بهێنێتە بەر باس و خواس. ئەویش نەک وەک مافێک یان وەک بژاردەیەک لە وەڵامی ئەو هەوڵانەی بۆ تواندنەوەی فیزیکی و کوشتاری سیستماتیک بە سەریدا سەپێنراوە، و نە وەک کارتێکی فشاری سیاسی بۆ دیپلۆماسیی ناوچەیی، بەڵکوو وەک بابەتێکی ئەخلاقی. وەک چەمکێک بۆ ڕۆنانی مەعریفەتێکی نوێ و هاتنە ناو کایەی مەعریفی بۆ قوتار بوون لە مەعریفەتی زاڵ کراوی ئەوانیتر و وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەر کردنی بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد. کەواتە هەر بزووتنەوە یان شۆڕشێک کە لە کوردستانی بندەست دا بیهەوێ خۆی دابڕێژێ و بیهەوێ کۆمەڵگای کوردستان بەرەو ئاقارێکی باشتر ببات، نابێ لەو بابەتە خافڵ بێت کە دارشتنی خۆسەرەوەری وەک چەمکێکی بنگەهی و لە ڕەهەندی فەلسەفەی سیاسییەوە لە کورتماوەدا دەتوانێ هەستی بڕوابەخۆبوون و مرۆڤی تەواو بوون بۆ مرۆڤی کورد بگێڕێتەوە و لە درێژماوەدا کەرامەت و بەختەوەری بۆ مرۆڤی کورد دابین بکات.

## سەرچاوەکان:


1. Christopher Heath Wellman(2005), a Theory of Secession: The Case for Political self -determination, Cambridge University Press.
2. David Miller (1993), «in Defense of Nationality», Journal of Applied Philosophy, 10, pp. 3-16
3. Margaret Moore (2003), the Ethics of Nationalism, Oxford University Press.
4. William Bloom(1990), Personal Identity, National Identity, and International Relations, Cambridge University Press
5. Yael Tamir (1995), «the Enigma of Nationalism», World Politics, v 47 n 3, p. 418(23).